# ئەگەر یەکێک لە ئێوە خەوێکی خۆشی بینی ئەوا لە لایەن خوای گەورەوەیە؛ با حەمد وسوپاسی خودا بکات، وباسی بکات

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێی لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بووە کە فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێک لە ئێوە خەوێکی خۆشی بینی ئەوا لە لایەن خوای گەورەوەیە؛ با حەمد وسوپاسی خودا بکات، وباسی بکات، وئەگەر جگە لە ئەوە ببینێت کە حەزی پێناکات، ئەوا لە شەیتانەوەیە، با پەنا بگرێت لە شەڕی ئەو خەوە وبۆ کەسی باس نەکات، کە بەم شێوەیە (ڕەفتار بکات) ئەوا هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خەو بینینی خۆش وئاسوودە بەخش لە خوداوەیە، وڕێنموێنی کردووە بۆ حەمد وستایشکردنی الله لەسەر بینینی، وباسی بکات بۆ ئەوانەی خۆشی دەوێت، وئەگەر لە خەوندا شتێکی بینی کە پێی ناخۆشە یان پێی دڵتەنگ دەبێت ئەوا ئەمە لە شەیتانەوەیە؛ با پەنا بە خوای گەورە بگرێت لە شەڕ وخراپەی ئەو خەونە، وبۆ کەسی باس نەکات؛ ئەگەر بەم شێوەیە ڕەفتار بکات ئەوا زیانی پێناگەیەنێت، ئەوەی باسکرا خوای گەورە کردوویەتی بە هۆکار بۆ سەلامەتبوون لەو ناخۆشی وزیانانەی کە لەوەیە بەهۆی ئەو خەونەوە تووشی بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3285

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee